سودانی پیرۆزبایی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لوبنان دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی،ئەمڕۆ پێنجشەممە،پیرۆزبایی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لوبنان کرد.

سودانی، لە پۆستکدا لەهەژماری تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی ئەکس نوسیویەتی:-"پیرۆزبایی لەگەڵ و حکومەتی لوبنانی برا دەکەین، بەبێنەی تەواوبونی شایستەی دەستوری نیشتمانی و هەڵبژاردنی جێگری عەون لە لایەن پەرلەمانەوە وەك سەرۆکی کۆمار، بە هیوای سەرکەوتن لە ئەرکەی گەورەکانیدا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەمە هەنگاوێکی دیکەیە لەسەر ڕێگای چەسپاندنی سەقامگیری و چەسپاندنی دەوڵەتی دامەزراوەکان، کە نوێنەرانی گەلی لوبنان توانیان جێبەجێی بکەن و بەرپرسیارێتی مێژویی خۆیان هەڵبگرن".

ئەوەشیخستەڕو، "ئێمە لە عێراق هەمیشە لە هەمو سەختی و ناخۆشییەکدا لەگەڵ لوبنان وەستاوین، هەروەها لەسەر هەمان هەڵوەست دەمێنینەوە بۆ پشتیوانیکردن لە خۆڕاگری لوبنانییەکان لە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەك یان هەڕەشەیەك کە ئاسایشی ئەم وڵاتە

تەکبدات".

سودانی دەشێت، "ئەم هەنگاوە دەرفەتێکە بۆ دەربڕینی پابەندبونمان بە قوتترین پەیوەندییە مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و کولتوریییەکان لەگەڵ لوبنان".